**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٦١٨٣ لە ٢٠١٦/٤/٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددە (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و برگە/١ لە بەشی (٣٤- پیادەکردنی حوکمەکانی یاسای هاتووچۆ) لەیاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ و لەبەر هاتنە ئارای دیاردەی هاوردەکردن و فرۆشتن و بەستانی ئامێری تایبەت بە دەستنیشانکردنی شوێنی دانانی کامیراکانی چاودێری خێرایی ئۆتۆمبیل کە ئامانج لە دانانی لەسەر شەقامەکان هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتووچۆ بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە:-

**بەیانی ژمارە ( ٦ ) ساڵی ٢٠١٦**

**قەدەغەکردنی هاوردەکردن و فرۆشتنی و بەستانی ئامێرەکانی تایبەت بە دەستنیشانکردنی شوێنی کامیراکانی چاودێری خێرایی ئۆتۆمبیل**

**یەکەم :**

١- قەدەغەکردنی هاوەردەکردن و فرۆشتن و بەستانی گشت جۆرە ئامێراکانی تایبەت بە دەستنیشانکردنی شوێنی کامێراکانی چاودێری خێرایی هاتووچۆ.

٢- هەر شوفێرێك ئەم جۆرە ئامێرانە لە ئۆتۆمبیلەکەی ببەستێت سزا دەدرێت بە بری (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار.

٣- هەر شوێنێکی کڕین و فرۆشتن و دانانی ئەم جۆرە ئامێرانە ئەنجام بدات لەلایەن پۆلیسەوە رێککاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت و رەوانەی دادگا دەکرێت.

٤- بری پێبژاردنەکانی هاتوو لە برگەی (٢) بە داهاتی کۆتایی دادەندرێت بۆ بەرێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆ.

**دووەم :**

پێویستە لەسەر بەرێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی گشتی و هاتووچۆی گشتی ئاگاداری شوێنەکانی فرۆشتن و هاوردەکردنی ئەم ئامێرانە بکاتەوە کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بەم جۆرە ئامێرانە نەکەن و بەڵێننامەیان لێ وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە.

**سێیەم :**

خاڵەکانی پشکنینی ئاسایش و بازگەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و خاڵەکانی پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی ئامادە و خاڵە پشکنینە کاتییەکان و خاڵە سنوورییەکان ئەم بەیانە جێبەجێ بکەن .

**چوارەم :**

ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کــریم سنجاری**

**وەزیــری نـاوخۆ**